دڵم لەشوێنێ داناوە

کەژاڵ ئەحمەد

ببوورە... من دڵم
لەسینەمدا نییە
لەشوێنێ دامناوە
نازانم لەکوێ !
تۆ دەچی
کتێبخانەی گشتی شاری بۆ دەگەڕێی
دەبینی خوێنەرێ
دەبیات و نایهێنێتەوە.
ببوورە ...من وێنەم
لەسەر شۆستە و
لەسەر دیواری چێشتخانەکان و
لەچاوی کوڕاندا هەیە !
هێندە رەگی ناوبانگم رۆشتووە
زەحمەتە ملوانکەی پچڕاوی تەمەنم
تازە نەك تۆ
بەهیچ کەس بهۆنرێتەوە .
ناتوانی بیبڕیت زمانی درێژی
قسە و باس
مێژوو خولقێنێ بگۆڕی
بەدایکێ بۆ منداڵ
بووکی خەیاڵی بەسەدانیش بکەیتە

نیوەی خۆت و

هەرگیزیش پەشێمان نەبی

لەوەی کەشەرابی عیشقم دەخۆیتەوە.

ببوورە...من چاوم

پڕە لەدابڕان

کەشەوان بەتەنیا دەنووم.

شیعرم تەژییە لەژووان

بۆ کەسانێ نایانناسم

لێم گەڕێ

دڵنیام ناتوانی

بەبێ ئەوەی ،خۆت لێ ون بێت.

ونبوونم بدۆزیتەوە !

2007-سلێمانی